
# بەشێکی تر لە
# ترس لە عەشق... ترس لە باران

نامق هەورامی



سڵ لە بارانێک دەکەمەوە ناوادە بباریت
نەبا خەیاڵی کانییەک،
لە قووڵترین ساتەکانیدا راچڵەکێت
خەیاڵی سەفەرێک لە دێڕێکی قەسیدەوە،
بۆ دەفتەرێکی تۆزلێنیشتووی تەمەن
دەترسم بباریت و
لەودیو ئاژینەکانەوە بایەکی سەرشێت،
سڵ لە عورفی باخچە نەکات،
سنەوبەرێکی هەرزەکار ناچارکات،
بەبەرچاوی پایزەوە رووتبێتەوە
بەگوڵێکی پایزی بڵێت:
دەفتەری جوانییەکەت داخە،
دەرسی ئەمڕۆمان تەواو بوو...

* *

بەر لە ساتەکانی بارین،
باخچە خەیاڵی چرۆیەکی دەدواند
باڵندەیەک،
ئایەتێکی تازەی نووسیبوو بۆ قەفەسی
دەخوێندەوە:
بەناوی سرووتەکانی ڕەهاییەوە،
بەیادی حیکمەتەکانی باڵەوە،
تۆ لە باڵندە حەرام بیت...
کەمتر لە زەمەنی کێشانی سیگارێک،
بەر لە بارین
ئەو قەسیدەیەکی ئاوی بۆ قووڵاییەکان
نووسییەوە
لە ئەدرەسی قەسیدەوە
دەریای سەرشێت عاشقی بوو..
هەنووکەش بەشەرمەوە پێی دەڵێت:
تەماشا...
دڵێک هەیە لێواو لێوە لە ڕەنگی تۆ
پڕاوپڕە لە هەناسەی قووڵایی تۆ،
تەنیاو تەنیا
لەگەڵ تۆدا سەما دەکات...
ئەو ئێوارەیەی یەکەمین غەزەلی بۆ
دەریا گوت،
دەریا بە بۆنی ئەو کەوت و
ئەویش ڕەنگی دەریای لێنیشت...
ئەو یەکەم ڕۆژ،
کە ڕازی خۆی لای ئاو درکاند
بەشەرمەوە پێی گوت ئازیز،
دەزانی گەر تۆم لێدەرکەن دەکەمە
هیچ...
لە یەکەمین چرپەی شیعرەوە بوونە
دڵخواز
لەو ساتەوە،
دڵی دەریای پڕکردووە لە گەرای ناز...
بەر لە داچۆڕانی هەڵمی سەرپەنجەرەی
خەیاڵێکم،
بە مەراقی جگەرەیەک نووسیم تۆ!!
ئەو... ماسییە میهرەبانەکەی دڵی
ئاوە،
لەو ڕۆژەوەی کە خولقاوە،
چی ڕاوچی هەیە لێی دەدوێت
چی قووڵایی خەیاڵ هەبوو بۆیان هەڵدا
ڕازی نەبوو ماڵە باوانی ئاو چۆڵکات..
ئەو ئێوارەش
کە هاتە دەریای خەیاڵم،
لە لاپەڕەی کتێبەکەی حافزو
لە مێژووی پۆلی یەکەمی منداڵە
مەغۆڵەکانی گەڕەکدا
وەیخوێندبوو
کە من دۆنێکم لەڕۆحی ئەو سەدەفەی،
گوێی لە یەکەمین قەسیدەی داپیرە
گەورەی ئەوبوو،
کە بۆ دەریای خوێندبووەوە...
تا ئەو ئێوارەیەی کە هات،
کتێبێک،
وتارێک،
ستوونێکم لە بارەی ڕاو نەخوێندبوو...
دەترسم ببارێت و خەیاڵی کوڕەکەم پەرت
کات
ئەو.. دەمێ جار کە دەمبینێت،

بەدیار خوێنی داچۆڕاوی ڕەزێکەوە خەیاڵ دەمبات،
بەکوڵێ پرسیاری سەیری منالییەوە لێم دەپرسێت،
بابە
کەینێ عەشقم لە بۆ دەکڕیت؟
نیوە شەوێکی درەنگ بوو
لە ترسی عەشق و بارانا لە هەناسەیەکتا خۆم مات کرد
هێکڕا بووینە دوو پەیکەر
جارجارە دەبووینەوە بەگوڵ و
شەونم ئاسا دەڕژا مە سەر لێوی سورت...
بەرلەوەی تاریکی دابێت شەپۆلێکی سەرشێت، وەک بێژی لە هەڕەتی
بەدمەستییەکی قووڵا بێت، شتێک لە مەستی دوای فیراق دەچوو، بەخۆی و
قوولپی هەنسکەوە، هەر خۆی و سوتووی جگەرەکەی، سەری بە تاوێرەکانا
دەکێشا و دەیگوت:
دەمرم و لەو دوورەوە لێم نارِوانی
جارێک چنگێک بەفری ئەوێ لەسەر سووتانم ڕۆناکەی
هاکا ڕۆژێک بای هەناسەم ڕۆشت و دەهات
وەرە با جوانترین عەشق و
جوانترین خیانەت لە شتەباوەکان بکەین
دڵی هەڵاهەڵای عەشق ئاشت کەینەوە
با مەسیح لە خاچەکەی دابەزێت، وچانێ بات
من خۆم لە خاچی گەردنت دەدەم...

وەک ئەوەی هەرگیز نەیدیبێت،
دەریا دەڵێت:
تامەزرۆی نیگایەکی ئەوم...
وەک ئەوەی قەت لە ئامێزیا نەسرەوتبێت
حەزو ماچی لێ دەچۆڕێت...
ئێوامیەک لە ڕەشایی لافیتەکاندا نغرۆ بوو
بۆیە بووەتە عشقی بەفر..
گەرەکیەتی تەنیا جارێک ئەو پێی بێژێت:
خۆشتم گەرەک حەیاتەکەم ئەی دەریای شێت...
لەودەمەوە هەردوو شێت بوون،
کەوتنە نێو کۆڵانی حیکایەتەکانی کیلۆپاترا،
بۆ عەشقی یەک پێدەکەنن،
بۆ پێکەنینی عەشق دەگرین
لە قووڵای ساتە دوورەکانی خەودا
گوێیان پڕدەکەن لە چرپەو
جەستەیان پڕپڕ لە خەیاڵ...
کە تۆفانی نووح پەیدابوو
خەڵک لە دەرگای
شێخ و مەلاو پیریان دەدا
شێخ لە قاپی تەعالادا نزای دەکرد
(خودایە بیکەرە خاتر گەورەیی خۆت و جوانی ئەو،
مەر ڕوحمی تۆ، دەنا هەموو نغرۆ دەبین)
پیر چویە لێواری ڕووبار
بەزمانی گریان و زار
تا دڵی ئەوی نەرم کرد
تا هەڵچوونی دەریای ڕاگرت...

لەو رۆژەوە هەركەس عەشق بڕەنجێنێت
تووڕەبوونی دەریاو
شەپۆلی سەرشێتی بۆ دێنێت...!!
دەترسم ببارێت، سینەی دەریاكان لێڵ ببێت
مانگ دەتوانێت لێی بڕوانێت...
ئەو... شەوانە بەرلەوەی بنوێت
چاوەكانی بە ئەستێرە دەڕژێ و
هەندێك مانگ دەدات لە گۆنای..
سبەینان زوو
لە سێبەری وەنەوشەدا شیعر بۆ دەریا دەنووسێت
ئامۆژگاری شەپۆل دەكات
لەگەڵ تاوێردا نەجەنگێت...
بە نازنازی عەیار دەڵێت:
دەمێ دووگمەی سینەت داخست
هەنێ لە تەڕایی باخچە لە باوەشنێ
باوەشی چۆڵ وێرانەیەكی گەورەیە،
عەشقێكی ئیفلیجە...
عەششششششششقققققق
عەشق:
لێكردنەوەی بزماوێكە لە جەستەی عیسا،
خوێندنەوەی بەشێكی ئینجیلی عەشقە
لە كەنیسەی دۆستەكەنا،
شەرمكردنە لە كڕینی كەنارییەكی ناو قەفەس،
ونبوونی چاوی ماسییە
لە روانینەكانی دەریادا...
ئەویش دەڵێت:
عەشق بڕینی سنوورەكانی لۆژیكە
بۆ گەیشتن بە دڵی من،
ببینە لەودیو سنوورەكانی روانینەوە
خاوبوونەوەی دووجەستە لە تەنیایی یەكتردا،
دەسگەمەیەك لەگەڵ ئاودا
ناخت پڕەكات لە شەونم...
جوانترین عەشق
لابردنی فێڵی راوو
راموسانی دڵی بەردو
ئو مێدێكە لە دوورەوە...
لێرەوە ئیدی دەبینەوە بە باران
بارانێك،
تا لەودیو سنوورەكانەوە داكات
ئەی تەڕترین بارانی ساڵ
لە نێوان عەشقی بارین و
خەیاڵی نووسینی قەسیدەیەكدا راماوم
لە رووتبوونەوەی دووجەستا
بوو مەتە هەرێمێك لە چاوەڕوانی
لە نێو پیرترین ساتەكانی شەودا،
وەرە دەرگای ئەو مردنەم لێداخە
دوور لە چاوی شینی دەریا
دوور لە خەیاڵی جەستەی تۆ
گەرەكیەتی لولم بدات...
ئەی ئەفسانەی عەشقی پیرۆز
چیت ناوبنێم گەرمترین عەشقی دەریا
دڵی ساردم.....

٢٠٠٥/٢/١٠